# ئەوانی ئەوێیی‌و ئێمەی ئێره یی...؟!

سەروەر کریم

کاتێک خوێنەر سەیری ناونیشانی ئەم نووسینە دەکات، رەنگە دووچاری رامانێک بێت لەسەر ئەوەی ئەو ناونیشانە چی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، یان چی لەناوەڕۆکیدایە. بۆ ئەوەی خوێنەر دووچاری سەر یەشە نەکەین راستەوخۆ تێکەڵ بەبابەتەکەی بکەین‌و ناونیشان‌و ناوەڕۆکی نووسینەکە بۆ شی بکەینەوەو لەوێشەوە قسەیەک لەسەر ئەوانی ئەوێیی‌و ئێمەی ئێرەی بکەین...

کاتێک مرۆڤ سەیری دەسەڵاتی کوردی دەکات یەکسەر دووچاری رەشبینی‌و بەدبەختی دەبێت، لەشێوازو میکانیزمی بەڕێوەبردنی حکومەت‌و ئیدارەو چواردە ساڵیشە هەر بەو شێوەیە بەڕێوە دەبرێت، لەیەک حکومەتی بۆ دوان‌و سیان‌و پاشان یەک حکومەتی، بەڵام لەهەموو ناوچەکان شێوەی کارکردنیان هەریەک شێوە بووەو خۆیان لەسەری سەرەوەن‌و هاوڵاتیانی بێ مافیش لەخوارەوە.. هەرکاتێکیش نارەزایەتی دەربڕابێ، لەسەر داخوازی‌و مافەکان بەو پەڕیتوندرەویەوە وەڵام دراوەتەوە... جیا لەوەی بەدرێژایی دەسەڵاتیان دژی کۆی هاوڵاتیان بوون‌و هەزارو یەک ڕێگای جۆراو جۆر گرتوەتەبەر بۆ ئەوەی بەر بەکۆچی هاووڵاتیان بگرن کەدواین هەوڵیان دابینکردنی پارەیەکە بۆ سنوورداشکردنەوەی ئەو هاووڵاتیانەی کەبەڕێگای قاچاغ دەیانەوێت جەهەنەمی کوردستان بەجێ بێڵن. هەزاران پۆلیس‌و ئاسایشیان تەیار کردووە بۆ بەرگرتن بەخۆپیشاندانی هاووڵاتیان، بونی تەسکیە بۆ دامەزراندن‌و چاودێریکردنی هاووڵاتیان..هتد، پیشەی دەسەڵاتی کوردی، جگە لەوەی سامانی وولات تەنها بۆ خۆیانەو کاتێکیش رەخنە لەگەندەڵیەکانیان دەگریت پێت دەڵێت: تۆ ئەومافەت نییە، ئەوە نییە مووچەمان بۆ فەرمانبەران دابین کردووە، لەکاتێکدا ئەو مووچەیە لەحکومەتی مەرکەزییەوە دابین دەکرێ هیچ پەیوەندی بەئازایەتی ئەوانەوە نییە، بەقەدەر ئەوەی ئەو ڕێژەی دەنگدانەی هاووڵاتیان دایان، رێژەی بودجەی هەرێمیان لەبودجەی حکومەتی مەرکەزی دابین کرد، کاتێک پێیان دەڵێن: ئێوە ئەو هەموو کۆشک‌و سەیارەو پارەیەتان لەکوێ هێنا، ئەوان دەڵێن ئێوە ئاژاوە چی‌و گێرە شێوێنن، کاتێک دەڵێن ئێوە زۆرینەتان هاووڵاتی کوردستان نین‌و ئەوێیین ، دەڵێن کۆمەڵێ نەزانی لێرەو لەوێ دژی ئەزمونی دەسەڵاتی کوردی.

بەهەرحاڵ دەسەڵاتی کوردی ئەیەوێ ئێمەی ئێرەیی لەناو کارەسات‌و هەژاری‌و گرانیدا بژین و، نابێت لەگوڵ کاڵتریان پێ بڵێیت، چونکە ئێمە شایستەی ئەو ژیانەین‌و خۆمان ئەوانمان خستۆتە سەر کورسی حوکم‌و نابێت بەدەسەڵاتیان رازی نەبین‌و بەردەوام بڵێن: بەرپشی مەردانەتان قەستەم، کارەکانی ئێوە هەمووی تەواوەو هاووڵاتیان بێرەحمن‌و گلەیی لەئێوە دەکەن... ئێستا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم ناونیشانە رادەکێشم مەبەستەکەمان ئاشکرا دەکەم مەبەستم لەئەوانی ئەوێیی‌و ئێمەی ئێرەیی دەسەڵاتی کوردی‌و هاووڵاتیانە کەئەوان تائەوپەڕی لەژیانی ئەوروپیدا دەژین‌و هاووڵاتیانیش بەجۆرێک لەجۆرەکان ژیانیان وەک سۆدان‌و سۆماڵ وایە،بەڵام ئەوان باسی دیموکراسیەت‌و مەدەنیەت‌و علمانیەت ناکەن، بەڵام دەسەلاتی کوردی هەموو ئیدیعایەک دەکات‌و هیچی جێ بەجێ ناکات، بەقەدەر ئەوەی کۆمەڵگایەکی لەبێدەنگی بەرهەم هێناوەو تاکەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایە بەهەموو مەینەتیەکانی ژیان رازین‌و گوێ نەبەخۆیان‌و نەبەئایندەیان دەدەن‌و کەشتی ژیانیان داوەتە دەست بای قەدەرو

**کەشتیوانەکانیش بەئارەزووی خۆیان یاری لەگەڵ بای قەدەری ژیان دەکەن، بەڵام رۆژی بای قەدەر کۆتایی دێتو کەشتیەکەش غەرق دەبێت رێگاکان گەڕانەوەو بۆ هەتا هەتایە دەبێتە مەحاڵو ژیانیش لەخاڵێکی ناکۆتای هەژاریدا لەنگەر دەگرێتو ئەوانی ئەوێیی بەسەر شەپۆلەکاندا دەگەنە هەورەکانو ئێمەی ئێرەیی دەچین بۆ ژێر زەوی...**

2006-10-8